کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-10-2007 22:03بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**مەرگ لێمگەڕێ ... گوڵاڵە پشدەری**

ئەوا مەرگ لە پێشمدا و
دێت و زەوی دڵ دەکێڵێ
هەرچی خەون و ئاواتیشە
لێناگەڕێ
تا کە یادگارییەک جێبێڵێ.
خەزانی باخچەی تەمەنە
گەڵاو و گوڵم هەڵدەوەرێ...
"گوڵێ" ناومە
بەڵام هەرگیز من نەمدەویست
زەردەخۆری ئێوارەیەک
بەرەو ڕێگەی گۆڕم بەرێ.
*            *            *

دە لێمگەڕێ
با بەهارێک
بە چەپکێک نێرگزی تەڕ تەڕ
لە پێشوازی سەمای درەختێک
هەڵپەڕم و دابەزم و
لەبەر دەمی بنوشتێمەوە.
با تەنیا هەر تاکە جارێک
هەناسەی ساردی پەخش بووم
تێکرا هە مووی کۆ کەمەوە.
*            *            *

چەند شیرینە لە ئامێزی گەرمی ژیان
خۆرهەڵاتن.. لە کازێوەی دەمەوبەیان
لێی تێهەڵکەیە گۆیندان
سەما بکەی
بۆ ئەوینی بەرزی ئینسان.
*            *            *

خەونم ژیانە و
چاوەڕوانم چرۆی بەختم شکۆفە کا..
دە لێمگەڕێ مەرگ... لێمگەڕێ
با جارێکی تر.. منی "گوڵە"
لە بەر تریفەی ئەم هەیوە شەوە
لەم مەنفای پڕ لە غوربەتە
چۆڕێک ئاوی ژیان هەڵبدەم
دە لێمگەڕێ.

پائیزی 2007
هۆڵەندا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.